ئەم وتارە وەڵامەم نارد بۆ کوردستان پۆست بەڵام نەیان وێرا بڵاوی بکەنەوە، ئەیان ویست بە ویستی خۆیان وتارەکەم بگۆڕن ئەوجا بڵاوی بکەنەوە بەڵام من بەوەڕازی نەبووم، بۆیە بۆ کوردستان نێت بەڕێزم نارد هیوا دارم دەقاو دەق و وەک خۆی بڵاوی بکەنەوە، لەگەل ڕێزمدا .

# كاوسذكردني وتةي سوك و هةرزان أؤشنبيري نية ... جةمال فةتاح

کەسێک بەناوی تاهیر ساڵح شەریف لەکوردستان پۆستدا وەڵامی هەندێک ئامۆژگاری و سەرنجی منی داوەتەوە، سەرەتا
پێویستە ئەوە بڵێم وتیان کەسێک هەبوو لەبەر کەمی و عەقڵ تەسکی کەس باسی نەئەکرد ئەچو لەسەرە ڕێگای خەڵکدا پێسایی ئەکرد بۆئەوەی خەڵکی بڵێن ئەمە هی فلان کەسە، دیارە ئەم برادەرە وەک ڕیویەکەی لێهاتووە کەخۆی لێ ببوو بەشێر نامەوێت لەکاتی خوێنەرانی بەڕێز بگرم و چیرۆکی شێرو ڕیویە کەتان بۆبگێڕمەوە چونکەلەم بوارەدا جێگای گێرانەوەی ئەوچیرۆکە دووردرێژەی تێدا نابێتەوەو هەروەها دڵنیاشم زۆربەی کورد ئەوچیرۆکەی بیستووە بەڵام لەمەبەستی ئەوچیرۆکەدا هەرئەوەندە ئەڵێم ڕێوی نابێت بەشێر چونکە ڕێوی هەزار ساڵ خۆی لێبگۆڕێت و هەرچی بکات هەرڕێویە وشێریش هەرشێرە .
پێشئەوەی بێمەسەر وەڵامدانەوەی ڕشانەوەکەی ئەم برادەرە کەخۆی لێگۆڕاوە بەکەڵەنووسەر کەخوێنەران دڵنیا ئەکەمەوە ئەمە دوا وەڵامی منە بۆئەم جۆرەکەسانە چونکە وەک لەوتارە کەی پێشوترمدا وتومە کە مرۆڤی خاوەن ویژدان و خەبات گێڕ نابێت خۆی بۆ هاوڕێ و هاوشانی ئەمجۆرەکەسانە نزم بکاتەوە، لەلایەکی کەش ئەمجۆرە کەسە دەرون نەخۆشانە بەباسکردنیان ئەگەر بەخراپەش بێت زیاتر خۆیان لێئە گۆڕێت وخۆیان ون ئەکەن، .
دیارە هەرلەدوای ڕاپەڕینی شۆڕش گێرانەی خەڵکی کوردستان لەبەهاری 1991داو کەبەسەرکردایەتی بەرەی کوردستانی پیرۆز بەگشتی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی سەریگرت کۆمەڵێک لەخە ڵکی دەرون نەخۆش و خۆپەرست کەلە پێش ڕاپەڕیندا زاتی چوونەناو سەنگەر و پێشمەرگایتیان نەبوو وەلە ناو فەوجە خەفیفەکاندا زۆربەیان خۆایان حەشاردابوو وەک جاشێکی سوک پاش ڕاپەڕین کەوتنە هەڵپەکردن بۆخۆبردنەپێشەوەو خۆبەقەد پێشمەرگەی ماندوی شاخ گرتن بۆ بەدەست هێنانی مقام و مەکسەب، بەڵام کاتێک زانیان نەباڵایان ئەگاتە باڵای پێشمەرگەی ماندوی چەندین ساڵەی کوردستان و نەخۆبردنەپێشەوەش ئەودەورەی هەیە و نەخەباتیان هەبوو تاکوشانازی پێوەبکەن و نەکەسانی ڕۆشنبیری دەرکەوتوش بوون تاکولەلایەن شۆڕش و لایەنە شۆڕشگێرە کانەوە بایەخیان پێبدرێت نەکەسایەتی و ناوداریش بوون تاکو لەلایەن جەماوەرەوە جێگای ڕێز و بایەخ بن، بۆیە ئەو کەسە دەرون نەخۆشانە لەدوای ڕاپەڕینەوە پەنایان بۆزۆر شت برد ئیتر هەر لەدروست کردنی پارتۆکەی چەپ و ڕاست و پێک هێنانی کۆڕوکۆمەڵی لابەلاو کەم نرخ و بایەخ و پەنابردن بۆ لایەنە ئیسلامیە تونرەوەکانی تاسەر ئێسقان دوژمن بەنەتەوەی کوردو مافەڕەواکانی، وە لەدوای ساڵی 2000 وە کاتێک کۆمپیوتەر گەشەی سەندو بەریدی ئەلکترۆنی گەشەی پێدراو سایدە کوردیەکان پەیدا بوون ئەم جۆرەکەسانە وەک قۆلانچەی ژێر گڵ لەگشت

لایەکەوە بۆنیان کردو سەریان دەرهێناو ئێستا لەباتی ئەوەی کە ڕاستەوخۆ بەچەک لەناولایەنە ئیسلامیە توند ڕەوەکانەوە پەلاماری لایەنەشۆڕش گێڕە کانی کوردستان بدەن یان لەپاڵ پارتۆکەیەکی لاوازەوە پلار بگرنە شۆڕش و پێشمەرگەو لایەنە شۆڕشگێرە کوردستانیەکان لەسایەدەکاندا وەک کۆمەڵی بەکتریا یەکیان گرتووەو دژی کێوی خەباتی سەرکردەکانی کوردو دەریای خوێنی شۆڕش و دارستان وبەفری پێشمەرگەی کوردستان ئەنووسن بەهۆشی لاوازیان و بەعەقڵی سەقەت و کلۆڵیان ئەیانوێت کاتێک لەبەرکورتەبالایی بالایان ناگاتە بالای پێشمەرگەوخەڵکانی خەباتگێڕو دڵسۆز بەخیاڵیش بێت کورد و شۆڕش و پێشمەرگەو سەرکردەکانی لەکەدار بکەن، ئەمەش لەبن ناوی ئازادی ڕادەر بڕیندا، ئەمانە وەک کیسەڵێک دێنەبەرچاو کەبە ڕاکردنی ئاسک پێکەنینی بێت، بەلام من بۆدواجار ئامۆژگاریان ئەکەم وپێیان ئەڵێم مرۆڤ پێویستە سنوری خۆی بناسێت و سنورە کەیخۆشی نەبەزێنێت ئەمەش ئێوەئەیکەن بە بەکتریایەک ئەچن کە بە میکرۆسکۆبیش نابینرێن بەلام ئەتانەوێت بچن بگژی قولەی قافدا ئەمەش نەخۆشینە نەک ڕێگای سەر کەوتن دڵنیابن پێش ئەوەی بگەنە دامانی قولەی قاف بەیەکەم چڵەپوشی بناریەوە وشک ئەبنو وەک هەمیشە ئەچنە ناو جیهانی ناکامی و مایەپوچی،

.

تاهیر ساڵح شەریف ئەڵێت، یەکێک لەئاکامە زیانبارەکانی ژێردەستەبوونی نەتەوەیەک، ئەوەیە کەمرۆڤەکانی لەڕووی کاراکتەر، فکری وسیاسیەوە هەست بە ناتەواویی و تێکشکاوی دەکەن. هەروەها لەسەری ئەڕواو ئەڵێ، مرۆڤی نەتەوەیەکی ژێردەستە، کاراکتەرێکی تێکشکاوو ڕووخاوە. هتدد.. ئەمەدەربڕینێکی سەیرە و من نازانم ئەم بەناوڕۆشنبیرە خۆلێگۆڕاوە ئەمباسەی لەکوێ هێناوە؟!! ئاخر ئەگەر مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ بویتایە لە مێژوی خەباتی گەلانی چەوساوەو شۆڕش گێڕ شارەزا ئەبوویت وە ئەت زانی بەرزترین کەسایەتی لەناوگەلانی چەوساوە و ژێردەستەدا کەسایەتیە شۆڕشگێڕەکانیانە، لەکوردستاندا جەربەزەترین ولەخۆبوردەترین کەس کە ڕێگای بە کاراکتەری تێکشکاو وڕووخاو نەداوە بەسەریدا زاڵ بێت پێشمەرگەیە وکەسایەتیە شۆڕشگێڕەکانی کوردە کە تۆ و ئەوکەسە لاوازو دەرون نەخۆشانەی کەوەک تۆ بیر ئەکەنەوە بەخەیاڵی پوچتان ئەتانەوێت لەکداریان بکەن، ئەمەش دیارە لەڕەوانگەی کەسایەتی خۆتەوە سەیری کەسایەتی هەمووکورد ئەکەیت؟!هەروەها کاراکتەرەکان لە نەتەوەیە کەوە بۆنەتەوەیکی بندەست جیاوازیان هەیەو دوژمنانی نەتەوەبندەستەکانیش هیچیان وەک یەکنین وجۆری دوژمنایەتیان بۆنەتەوە بندەستە کان جیاوازیان هەیە چی لەڕوی سیستەمی حوکم و چی لەڕووی جیۆپۆلەتیکی گەلەداگیر کراوەکەو هەم لەڕووی کەلتورو نەریەتی داگیر کەرو داگیر کراوەوە بۆیە هەمووگەلان وەک یەکنین و وەک یەک نابن لەرووی کاراکتەرو لەڕوی کەسایەتی و لەڕووی سایکۆلۆجیەوە، جەناب بەڵی نەتەوەی کورد داگیرکراوبووە بەلام ئێستاش ئاستی مافپەروەری و دیموکراسی و مۆدێرنزمی کورد بەرزترە لە نەتەوەداگیر کەرەکانی کورد، عەرەب گەورەترین نەتەوەی داگیرکەری کوردە هەزاروچوارسەد ساڵە خاوەنی کیان ودەوڵەتەو ئێستاش خاوەنی 22 دەوڵەتن بەلام لەتاکە دەوڵەتێکیاندا دێموکراسی و مافی مرۆڤ پایەدار نیە، دیارە فارسەکانیش لەعەرەب کۆنترن لەکیانو دەوڵەت داو تورکەکانیش شتێکیان لەفارس وعەرەبکان کەمترە لەو ڕووەوە چوونکە زیاتر لە500 ساڵ عوسمانیەکان ئیمپراتۆریتی ئیسلام بوون، بەلام کەسایەتی هەموو ئەو دوژمنانە بێنەو بەراوردی بکەین لەگەل کەسایەتی کورد هەرگیز کەسایەتی ئەوان لەکەسایەتی کورد بەهێزتر نەبووەو بەهێزتریش نابێت سەرەڕای داگیرکاری وچەوساوەیی کورد،

لەمێژودا کورد گەلێکی یاخی و چیا نشین بووەو کەمتر چووەتە ژێرڕکێفی داگیرکەران ودەسەڵاتەبێگانەکان ئەمەش بەرزی کەسایتی کورد ئەگەیەنێت .

هەروەها ئەم برادەرە لەسەری ئەڕواو ئەڵێت، سەرکردایەتی سیاسی کورد، ئەوکاراکتەرە تێکشکاوەیە کە شکستەکانی خۆی لەنمایشکردنی گیانی خۆ بە بچوک و کەمترزانیدا لەبەردەمی داگیر کەراندا پێناس دەکاتەوە. دیارە ئەمدەربڕینە مانای تەواوی نیە بەڵام من دەقاودەق وەک خۆی نووسیومەتەوە، بەڵام پێم باشە پرسیار لەخوێنەران بکەم ئەم قارەمانە ئەبێت کێ بێت کەتاکوئێستا کورد نەی ناسیوە کەئەو بەپێی ئەم دەربڕینانەدا پێویستە ئەم فسفس پاڵەوانە سەرکردەیەکی لێهاتووبێت وتاکوئێستابستێک دوژمنانی نەتەوەی کوردی بوار نەدابێت وا بەو جۆرە سەرکردایەتی سیاسی کورد بەتێکشکاو ئەزانێت لەبەردەم دوژمناندا، ئاخر کەسێک بەپێی وتەی خۆی تاکەڕۆژێک پێشمەرگایەتی نەکردبێت تاکەیەک شەو لێفەو دۆشەکی خۆی بۆکورد تەرک نەکردبێت بەڵکو بەپێچەوانە شەوە همیشە وەک مریشکی نەخۆش سەری بەژێر باڵی خۆیدا کردبێت و گوێی خۆی لە هەموو تاوانەکانی ڕژێم ئاخنی بێت و نە هاواری ژنێکی ئەنفال و نە هەناسەی منداڵێکی خنکاوی کیمیاوی لێدراو و نەزەربەی شەلاقێکی زیندانەکانی جەلادەکانی بەعس ونە تجاوزی ناموسی کچەکوردێکی پاکوبێگەرد تۆزکاڵانێک و بۆساتێکیش ویژدانی نەجوڵاندبێت ئەبێت چۆن ڕێگا بەخۆی بدات ڕەخنەی سەرکردایەتی کوردو لایەنە سیاسیە شۆڕشگێڕەکانی کوردبکات ودرۆ و بوختانیان بۆهەڵببەستێت، هەرئەم ئاکارە ناڕاست و نابەجێیانە وامان لێئەکات کە بڵێم ئەم جۆرە کەسانەو پاڵپشتەکانیان لەپێناوی ئەم درۆ و هەڵبەستراوانەدا هەرلەڕێکخراوی القائیدەوە پارەوەر ئەگرن هەتا مخابەراتی سوری ومیتی تورکی و ئیطلاعاتی ئێران و بنەماڵەی سەدام حسەین لەئایندەشدا ماستی مووداریان بەدەر ئەکەوێت؟!! .

ئەم پیاوە بەرزە یەکجاری شێتی ئەیگرێتو ئەڵێت، ڕۆشنبیری کورد بەپێچەوانەی نەتەوە پێشکەوتووەکانەوە، بوودەڵەترین و مشەخۆرترین توێژی کۆمەڵایەتین کەلەسەر خوێن و جەستەی میلەتی کورد دەژین، چوونکە لەپێناوی بژێوی خۆیاندا ڕاستیەکان لەمیللەتی کورد دەشارنەوەو بەردەوام خەریکی جەواشەکردنی ئەو میللەتەن کەقوربانی دەدا و خوێن دەڕێژێت بۆئازادی ورزگاری. بەناو ڕۆشنبیرانی کورد. خوێنەرانی هێژا هەرخۆتان ئەکەم بەداد وەر دیارە ئەو نووسەرانەی کە ئەم کەسە نەزانە بەبێجیاوازی هەموی بە بوودەڵە و مشەخۆر و چەواشەکار ئەژمێرێت هەموومان ئەزانین کێن دەیانی وەکو شاعیری گەورەی کورد شێرکۆبێکەس و بەختیار عەلی و مەریوان وریا قانع وماmۆستا ئەحمەد هەردی وهتد.. لەگەل دەیان ڕۆژنامە نووس ونوسەری شاخ و شار کەئەمانە هەموو بەخەروار پەڕتوکیان هەیەو سەرمەشقی ڕۆشنبیری نەتەوەی کوردن بەگشتی، .

ئەم کەسەهەرزانە هێرش ئەکاتەسەر مەلامستەفا بارزانی نەمرو ئەپرسێت، بۆچی لە ساڵی 1974-1975 دا مەلامستەفا ئاشبەتاڵی بەبزوتنەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلی کورد کرد؟هەرچەند ئەم تاهیرناوە زۆرلەوەکەمترەکەباسی مستەفابارزانی بکات چونکە مستەفابارزانی بەدرێژایی پەنجا ساڵ سەرکردەیەکی قارەمانی کورد بوو ئەم برادەرەش کاتژمێرێک ماندوو نەبووە بۆکورد دیارە زۆر بوودەڵە و ترسەنۆکیشە، وەبەشاهیدی مێژو سەرۆک مستەفابارزانی پەنجا ساڵی ڕەبەق پێشمەگە و سەرکردەی میللەتی کورد بوو، وەلەماوەی ئەو پەنجا ساڵەدا نەچۆکی بۆدوژمنان داداو نە مساوەمەیشی لەسەر مافەکانی کوردو نەلەسەر بستێک لەخاکی نیشتمان

کرد، نەکسەی شۆڕشی ئەیلول پیلانێکی نێودەوڵەتی ئەو سەردەمەبوو وەک وتم ئەم برادەرە نەک تەنها مێژوی گەلان بەڵکومێژوی نەتەوەی کوردیشی نەخوێندووە تەوە، خوێنەرانی ئازیز بۆزیاتر روون بوونەوەی ڕاستیەکان لەسەر نەکسەی شۆڕشی ئەیلول بڕواننە وتارێکی من لە ئەرشیفی کوردستان پۆست دا لەژێر ناوی نەکسەی شۆڕشی ئەیلول، ئەگەر لەبەردەستیشتاندابێت بڕواننە پەڕتووکی الحلو والحرب لەنووسینی دکتۆر محمد حسنین الهیکل نوسەر و وتارنوسی وڵاتی میسر، بارزانی خەڵکی دەرەوەی کوردیش شانازی پێوە ئەکات نەک هەرتەنهاکورد و پەیڕەوانی بارزانی، بۆیە ئەگەر کوردێک کەسیەتی تەواوبێت شانازی بە سەرۆک بارزانی نەمرەوە دەکات نەک نکولی لێبکات، پاش ئەمەش من بەم برادەرە دۆڕاوە ئەڵێم ئەوقەوانەی کەجنابتان ئێستا لەسەر بارزانی ئەیخەنەسەر زۆرکۆنە و دەیان ساڵ پێش تۆخەڵکی لەتۆ زۆربەهێزتر بەداهێنانیشەوە ئەوقەوانەی لێدا بەڵام نەیتوانی تۆزکاڵێکیش لەکەسیەتی بەرزی بارزانی کەم کاتەوەو نەپێشی گەورە بوون بۆیە لەئەنجامدا سەری کڕنووشیان بۆبرد کە جەنابتان بەتۆزی پێی ئەوانە نابن، هەروەک هەژاری نەمریش فەرمووی بارزانی (مانگی ئاسمانی کوردانە بێئاوا بوون و نەمانە، ئەوانەش بەمانگ ئەوەڕن لەئاست لۆمەی ویژدان کەڕن) ، .

تاهیر لەنوسینە پڕدرۆ چەواشەکاریەکەیدا واپیشانی خوێنەر ئەدات کەوامن لەوتارەکەمدا دژی کۆمەنیستو مارکسیەتم بەڵام من وەکوکوردێکی نەتەوەیی رۆشنبیر دژی هیچ بیروباوەڕێک نیم ومن وتومە بەپێی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ ومافەتاکەکەسیە کان هەرکوردێک ئازادە هەربیرباوەڕێکی هەیە بەمەرجێک دژی بەژەوەندیە باڵاکانی نەتەوەی کورد نەبێت .

تاهیر بەمن ئەڵێت، تۆ وەک پارتییەک، من دەیان ساڵ پێشمەرگەبووم لەژێر ئاڵای پارتی دێموکراتی کوردستانداو خەباتم بۆڕزگاری میللەتی کورد کردووە و خەباتەکەشم بەرهەمی بەرچاوی بۆمیللەتەکەم هەبوو بۆیە شانازی بەخۆم و بەڕابوردوی خۆم ئەکەم لەپێناوی ئەودەیان ساڵە خەبات و تێکۆشانەشمدا هیچ پاداشتێکم لە هیچ کەس و لایەنێک وەرنەگرتووە و چاوەڕوانی پاداشتیش لەهیچ کەسنیم بەڵام ئێستا من نەپارتیم و نەهیچ لایەنێکی کەشم و نەپێویستیشم بەکەسە ونەمووچەی هیچ کەس و لایەنێکیش وەر ئەگرم بەڵکو وەک هەمیشە بەڕەنجی شانی خۆم ئەژیم و ماڵو منداڵی خۆشم لەسەر ڕێگای شەرەف مەندانە بەخێوکردووە، وەک بەڕێزت چاوەڕوانی بەستە دۆلاری دوژمنانی نەتەوەی کوردنیم کەلەپێناوی دوژمنایەتی کوردو کێشەڕەوا کەیدا پێت ئەبەخشێت،

تاهیر دەنووسێت ڕخنە دەبێت ڕوخێنەر بێت نەک دروستکەر! ئەمە لەوەڵامی ئەوەی من وتوومە ڕەخنەی کورد بۆکرد ئەبێت دروست کەرانەبێت، دیارە ئەم جۆرە هەستو دەربڕینانەی ئەم جۆرە کەسانە نەک هەر تەنها نامۆیە بەکوردو کەلتورەکەی بەڵکو نامۆیە بەکەلتوری گشت گەلانی شۆڕشگێڕ ئەم برادەرە خۆ ڕەخنە لەدوژمنانی نەتەوەی کورد ناگرێت ڕەخنەکانی هەردەم ئاراستەی سەرکردەو لایەنە شۆڕشگێڕە کانی کوردە کەدەیان ساڵە تاکە خەمخۆری کوردن منیش وتومە کەکەس بێ هەڵە نیە بەڵام پێویستە ڕەخنەکانی کورد بۆبەرژەوەندی کوردبێت ودروست کەرانەبێت لەبەر ڕوناکی بەرژەوەندیە باڵاکانی کورد دا بێت، بەڵام دیارە ئەو یاسایەی کە ئەم برادەرە پەیڕەوی لێدەکات یاسای وجودی و بەربەریەکانە ئەویاسایە کە باوەڕی بەهیچ یاسیەکی سەر ئەم زەویە نیە و دژی گشت یاساو ڕێسایەکی ژیانە .

تاهیر دەنوسێت، بۆچی وا تەنگەتاو بوون؟ هەزاران بوختانی ناڕەوا ڕیز ئەکات وخۆی لێ بووە بە شتێکی زۆر گەورە کەچی نازانی کەئەو لەئاستی ئەوکەسانەی کەئەو دژیان وەستاوەو لێیان

ئەترسێت بەسفری پاش فاریزەش ناخوێنرێتەوە تاهیر ساڵح شەریف لە دەرون نەخۆشی خۆی زاوری چووە بۆیە من دڵنیام نەکەس کەسی واکەم و ریسوای لەیادەو نەکەس بەدوویدا گەڕاوەو نەهەزارانی وەکوئەویش ئەتوانن بچوکترین رۆڵ لەسەر رێبازی شۆڕشگێڕانەی پارتی ویەکێتی وخەڵکی کوردستان دابنێن، ئەم درۆ و بوختان ریز کردنەش تەنها بەخیاڵ بۆخۆ گەورە کردنە بەفوو .

پاشان ئەم برادەرە لەوەڵامی پرسیارێکی مندا کەپرسیومە، ئایا هیچ یەکێک لەو بەناو نوسەرانەی کەوەک تاهیر ساڵح شەریف بیر ئەکەنەوە بەقەدەر پێشمەرگەیەکی کوردستان دڵسۆز بوون بۆکورد کەلە ژێر ئالای پارتی و یەکێتی و سەرکردایەتی مام جەلال وکاک مەسعود دا خەباتیان کردووە؟ ئەنووسێت، کام پێشمەرگەو کام شۆڕش؟لەژێر ئەم ناونیشانەدا کاوێژ ئەکاو ئەنووسێت، باشترین دڵسۆزی من بۆ میللەتی کورد ئەوەیە کە چەکم نەکردووەتە شانم لەژێر ئالای پارتی و یەکێتی و سەرکردایەتی مەسعودو تاڵەبانیدا، بەشداریم نەکردووە، هەروەها لەسەری ئەڕوات بەدرۆ باسی خەباتی خۆی ئەکاتو ئەیشکێنێت و ئەڵێت، لەشوێنی خۆمداو لە ناو شاردا ئەوەی پێمکرابێت دژ بەرژێمی بەعس ئەنجامم داوە. من بە ناوی هەموو پێشمەرگەی ماندووی کوردستانەوە بە تاهیر ساڵح شەریف ئەڵێم یەک کات ژمێر خەبات و دڵسۆزی خۆت بەڕاستی نەک بەدرۆ باس بکە بۆ خوێنەران و جەماوەر تاکومن بە ناوی گشت پێشمەرگەی کوردستانە پێت بڵێم تۆ پیاوێکی ڕاستی، لێرەدا من لەخوێنەرانی بەڕێز ئەپرسم ئەگەر پارتی و یەکێتی و هەندێک لایەنی تری کوردستانی نەبوایە هەمووگلی کوردستانی باشور بەم کەسە سپڵەو بێوەفانەشەو کەوەک تاهیر ساڵح شەریف بیر ئەکەنەوە ئێستا لەنوگرە سەلمان و عەرعەر نەکرابوون بەژێر خاکدا، جگەلە پێشمەرگەی قارەمانی یەکێتی و پارتی و چەند لایەنێکی کەی کوردستانی کێ بوون دڕندیان بەشەوە زەنگی بەعسیان داو بەچۆکیاندا هێنان لەبەردەم مافە ڕەوا کانی کوردستانی باشوردا ئەوە خەباتی ناو زاخە و کەندەلان و ژێر لێفەی کاک تاهیر ساڵح شەریف بوو کەشەو و ڕۆژ دوژمنی هەراسان کردبوو، .

لەکۆتایی دا ئەڵیم برا پەتی درۆ کورتە و کەسیش بە فشە نە بووە بە پیاو بۆیە واز لەم بوختان و درۆ هەڵبەستراوانە بێنن باشترە چوونکە دڵنیابن ئەبێت سبەینێ کان بێنە بەردەمی داد گای گەل و وەڵام گۆی ئەم گشت درۆیانەتان بن ..

جمال فتاح
2005/5/24